# ڕۆشنبیری کورد و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان :

**خەتاب سابیر**
khatabs@hotmail.com

**ماوەیەکی کەم نییە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کێشەوگرفتی سیاسیی و یاساییان ،لەسەر چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، هەیە. کەبڕیارە سەرۆکی پارتی ئەم پۆستە وەربگرێت. گرفتی ئەم دوو حیزبە هەمیشە ئەوە بووە، کە بەرژەوەندییە حیزبیی و ڕێکخراوەییەکانیان دەخەنە سەروو بەرژوەندیی گەلی کوردستانەوەو هەمیشەش بەدوور لەچاوی ڕۆژنامەوانان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دانیشتنە داخراوەکانیان دەکەن ، دواتریش کەمترین ڕەوتی ڕووداوەکان بەمیدیا دەدەن . ئەوە ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی کوردە کە سەرەداوەکان بدۆزێتەوەو پەناوپەسیووە تاریکەکان ڕۆشن بکاتەوە و ئاڵۆزییەکان ڕوونبکاتەوە. بەداخەوە بەشێکی بەرچاو لە ڕۆشنبیری کورد، کەی بانگەوازی بێلایەنیی و سەربەخۆیی کرد ، ئەوسا دەبێ گومانت زیاتر بێت لەسەری، کەی گوتی ڕۆشنبیر و دەسەڵات یەکناگرنەوە، ئەوسا گومانت هەبێ قەڵەمەکەی بەلێنی باشی پێدراوە ، ئەو نووسەرانەی کەوتنە داوی دەزگاکانی پارتییەوە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا باشترین نموونەی ئەم دیاریدە سەراپا ساختەیەیە.**

**هەر ڕەخنەگرو ڕۆشنبیرێک ئازادە ، پارتی بێت، یان یەکێتیی بێت، یاخوود هەربیروبۆچوونێکی سیاسیی و ئایدۆلۆژی تری هەبێت ، ئەوە بیرکردنەوەی سەربەخۆی مرۆڤەکانە کە بڕیاردەدات لە سەنگەری چ حیزبێکی سیاسییەوە تێکۆشان بکات، یان لای کەم لایەنگریی کام حیزب بکات، بەڵام بەڵاکە لێرەدا ئەوەیە ، خۆی بە سەربەخۆو بێلایەن دەناسێنێ و پۆزی ئەوە لێ دەدات بە هیچ دەستەمۆ ناکرێ، کەچیی لەماوەی ڕابردوودا بینیمان چۆن پارتی چەندین بەناو نووسەرو لێکۆڵەرەوەی ئەدەبیی و کولتووریی...یان هەرناوێکی لێ دەنێی ،بە پۆست پێدان و پارە و دەست لەپشتدان کڕیی . لەمەش کارەساتتر ئەوەیە ئەم پێرە نووسەرانە نازانن چۆن خۆیان لەو پرۆتۆکۆڵانە دەربێنن و بە هەموو لایەکدا کونوکەلەبەر سواغ دەدەن، کەچیی هەر بۆیان پڕناکرێتەوەو بەکورتیی هێشتا دەیانەوێ پێمان بڵێن ، خۆمان و قەڵەمەکانمان ئازادین و سەربەخۆین و بۆ هیچ حیزبێکی سیاسیی دایناهێنین . دیارە هەمان کاریش یەکێتیی بەشێوازی تر دەیکات .**

**کاتێک دێتە سەر کێشەیەکی سیاسیی چارەنووسساز و گشتگیر سەبارەت بە چارەنووسی سیاسیی کوردستان ، کە ڕاستەوخۆ کەم تا زۆر بەشێک لە بڕیارە سیاسییەکان پەیوەندی بەسەرۆکی هەرێمەوە هەیە. سەرۆکی هەرێمیش کە وادیاریکراوە دەبێت سەرۆکی پارتی بێت، لەچوارچێوە گشتییەکانی خۆی زۆر دەرچووەو کەسیش پێی ناڵێ ئەوەی سەرکردایەتی پارتی داوای دەکات، پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیی و بانگەشەی ئەو ئازادییەشە کە خەڵکیان پێ تاساند لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا ، مەسەلە لایەنگریی لە لایەنێک نییە، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە ڕاستییەکان وەکو خۆی بەخەڵک بگەیەنرێ و ڕەخنە لەهەردوولا بگیردرێ و لایەنی خەتاباریش زیاتر بەر ڕەخنە بدرێ .**

من لەم کێشەیەدا ، پێم وایە پارتی لە سنووری لۆژیک دەرچووەو هێشتاش یەکێتی تاوانبار دەکات ، نەک لەبەر ئەوەی یەکێتیم لەپارتی پێ باشترە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ، ئەو شتەی پارتی دەیکات ،زیان بە داهاتووی سیاسیی کوردستان و پرۆژە سیاسییەکانی گەلی کورد دەگەیەنێت. بەڵام لێرەدا گومانیش لەسەر یەکێتیی هەیە، بۆچیی ڕوونکردنەوەیەکی ئەوتۆی نییە بۆ ئەم مەسەلە ئاڵۆزە. ئەم دوو حیزبە هەردووکیان ڕەنجی قوربانییەکانی خەڵکی کوردستانیان بەقازانجی خۆیان پەلکێش کردووەو شەڕەکانی ناوخۆش باشترین لاپەڕەی ڕەشی ڕابردوویەکی نزیکی ئەوانن ، قسە لەسەر ئەوە نییە ، کێ شەڕی هەڵگیرساند ، و کێ دەستپێشخەر بوو، قسە لەسەر ئەوەیە درێژەدان بەوشەڕە گەورەترین تاوان بوو دەرهەق بە خەبات وتێکۆشانی تەواوی گەلی کورد. بەڵام بەڕاستیی لەشەڕەکانی ناوخۆدا و بەتایبەت لە نیوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە ، یەکێتیی بۆ پارتی ، زۆری داشکاند، بەڕاستی پارتی بەئاشکرا باوکسالاریی دەکات،ژمارەی هاتنە زۆرەکانی مام جەلال بۆ لای کاک مەسعود، لەبەرامبەریشدا کەمترین سەردانی بەپێچەوانەوە، داشکاندنی زۆری یەکێتی لەپەرلەمان و لەحکومەتدا بۆ پارتی ، لەبەرامبەریشدا زیاتر جیڕیی و پێداگرتنی پارتی لەسەر دەسەڵاتی ڕەهای خۆی ، ئەوەندەی تر کێشەکانی ئاڵۆزکردووەتەوە و پرۆسەی دوو ئیدارەیی تا ئێستاش بە بێ خەمیی سپاردووە.

ئەوانەی دەڵێن سەرۆکی حیزب، لەوە گەورەترە کە پۆستی سەرۆکی هەرێم وەربگرێ و بچێتە پەرلەمانەوە، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ قەڵەمبەدەستە بەعسییەکاندا نییە کە بە شانوباڵی قائیدی عروبەو موهیبی ڕوکندا هەڵیاندەدا. دەبێ گەلێ کورد چ خێرێک لە قەڵەمی ئەوانە بکات، کە قودسییەتی کەسێک، یان بنەماڵەیەک دەخەنە سەروو بەرژەوەندیی گەلێکەوە. چیتر لەپشت ئەوەوە هەیە کە کەسێک خۆی بەنووسەر و ڕووناکبیر بزانێ و لەولاشەوە بۆ خزمەتی دەسەڵات ، ئامادەبێت ڕاستییەکان بە ڕۆمانسییەت بشێوێنی ، ئەگەر هەڕاجکردنی زەخیرەی قەڵەم نەبێت . بەهەمان شێوەش ئەوانەی پینەدۆزیش بۆ هەڵەو ڕاگەیاندنەکانی مام جەلال دەکەن و ئامادەنین ڕەخنەی لێبگرن و لەسەر دانانی تاوانبارێکی جینۆسایدی گەلی کوردستان بۆ ڕاوێژکاریی سەرۆکی دەوڵەت، نەک هەر گارەیەک ناکەن، بەڵکو بۆیشی دەپۆشن ، هەر لەهەمان جۆری ئەو قەڵەمبەدەستانەن و ڕاستییەکان بە تۆبزیی دەشێوێنن.

## جیاوازییەکانی یەکێتی و پارتی لەسەر چییە؟

بەبڕوای من کێشەکان ، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە ، کە پارتی لە شارەوانییەکاندا بۆی دەرکەوت ، ئەو هێزەی ساڵی 92 ی نەماوە، کە یەکێتی بەدەیان هەزار دەنگ لەپێش پارتییەوە بوو، ئەمە جگە لەوەی کە شاری کەرکوک و ناوچەتەعریبکراوەکانی کوردستان بەشدارییان نەکرد، بۆ پارلەمانی کوردستان، کە گومانی تێدانییە،لەکەرکوک و گەرمیاندا ، ڕێژەی یەکێتی بۆ پارتی هەر ئێجگار زۆرە. بەواتایەکی تر ، پارتی گومانی زۆری لا دروست بووە کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا نایباتەوە، پێداگرتن لەسەر ئەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ماوەیەکی

زۆر بێت ، ئێستاش بەپاڵەپەستۆ پارتی داوای چوار ساڵ دەکات، هەر ئەم گومانەیە، کەدەیەوێ لەکاتێکدا ئەگەر براوەش نەبێ ، گرنگترین پۆستی سیاسیی و سەروەریی و دارایی لەدەستدا بێت.

دیارە ئەم کێشانە ،بەشێکی زۆری خەتای خاوو خلیچکیی و گەندەڵیی سیاسیی ناو ڕیزەکانی یەکێتییە، کە زۆرێک لەوانەی دەستیان بەخوێنی گەلی کوردستان سوورە، لە یەکێتیدا پۆستیان دراوەتێ، زۆرێک فایلی قەبەیان گیرا ، کەچیی هێشتا پۆز لێدەدەن بەسەر یەکێتی و گەلی کورددا، یەکێتی بەم هەلومەرجەی خۆیەوە، بەم ناڕێکی و نەگونجانە سیاسییەی ناو ڕیزەکانی خۆیەوە، لەخۆی ڕانابینی کە لەهەڵبژاردنەکاندا بەتەنیا دابەزێت، تەنانەت ئەگەر ئازایەتی پارتی نەبووایە ، لەشارەوانییەکانیشدا بەیەکەوە دادەبەزین ، بۆیە دەڵێم ئازایەتی پارتی ، چونکە سەرەڕای ئەوەی دۆڕاندیشی لە شارەوانییەکاندا، ئەگەر پارتی نەبووایە، یەکێتی ئەوەشی هەر بەهاوبەشیی دەکرد.

هۆی سیاسیی و ترسێکی کوشندەش لەپشت ئەوەوەیە،کە پارتی ئامادەنییە، سەرۆکی هەرێم، جێگری هەبێ ، ئەم خاڵە جگە لە عەنتەریاتی سیاسیی ، هیچیتر ناگەیەنێت، یەکێتی دەیەوێ بۆ ئەم پۆستە، کۆسرەت ڕەسوڵ دابنێ ،پارتیش حەساسییەتێکی مێژوویی و دووروردرێژیان بە کۆسرەت ڕەسوڵ هەیە. بەشێوەیەکی گشتیش ، پارتی کە دەیەوێ سەرۆکی هەرێم جێگری نەبێت، خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە.

1- دەیەوێت ، بڕیارە گرنگەکان و چارەنووسسازەکان، خۆی بیدات و لە دوور مەودادا بۆ بەرژەوەندی سیاسیی پارتی سەرمایەی سیاسیی بخات .
2- دەیەوێت ، دەستی واڵا بێت لە هەڵسوکەوت و تەراتێن کردن بە دارایی و ئاسایشی نەتەوەیی ، پرۆژە سیاسیی و حیزبییەکانی خۆی هاوپێچ بکات لەگەڵ بەرژەندیی سیاسیی تەواوی گەلی کورددا.
3- دەیەوێت ، یەکتێی بەشێوەیەکی سیاسیی و یاسایی بسڕێتەوە و خۆی ڕۆڵی مەرجەعی سیاسیی و یاسایی و ئاسایشی نەتەوەیی ببینێت و وەکو سیمبۆڵێک لە ئێستاو داهاتوودا دەربکەوێت.

کێشەی سیاسیی نێوان ،یەکێتی و پارتی لەسەر سەرۆکایەتیکردنی هەرێم ، نەک هەر زیانی بۆ خۆیان و حکومەتەکانیان هەیە، بەڵکو سەرەکیترین و قورسترین زیان بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەکەرکوکدا خەست دەبێتەوە، ئەم کێشانە وادەکات، بڕگەی 58ی یاسای کاتی عێراق ، کە تایبەتە بە ئاساییکردنەوەی شاری کەرکوک ،و دەرکردنی تەعریبەکان و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان ، نەک هەر بەخاویی بچێتە پێشەوە ، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە، کەلێنەکان گەورەتر ببن و هەموو ئەوشتانەی بۆ کەرکوک کراوە ، بێنەوە سەر سفر و ئەگەری چەندین تەقینەوەی تری تێرۆریستان لەشارەکانی کوردستاندا لە ئارادایە . ئەمە جگەلەوەی دەبنە گاڵتەجاڕیی ئەمێریکا و عێراقی عروبە و بەخۆشحاڵییەوە سەیریان دەکەن.

پارتی ،لەکاتێکدا خۆی بەشداربووە و کۆمەکی سیاسیی مام جەلالی کردووە کەببێت بە سەرۆکی عێراق، بۆ ئەوەی سەرۆکی پارتیش ببێ بەسەرۆکی هەرێم،کەچیی ئێستا وەکو چاکەیەک دەیداتەوە بەچاوی یەکێتیدا ، پارتی چاوەڕوانی گرنگیی و بایەخیی سیاسیی ئەو پۆستەی ناکرد ، بەو

شێوەیەی کە ئێستا لێی گەیشتووە، بۆیە دەیەوێ ، ئەو هەلە بقۆزێتەوەو مەرج بەسەر یەکێتیدا بسەپێنێ و لەوێشەوە بەسەر هەموو گەلی کوردستاندا. ئەگینا هیچ مانایەکی نییە، جگە لەکەمتەرخەمی و خەمساردیی و بەتەنگەوە نەهاتن بۆ گەلی کورد،کە درێژدادڕیی لە کۆمەڵی مەرج و خاڵدا دەکات ، کە قازانجی، جگە لەپارتی ، قازانجی کەسیتری تیادا نییە. بەدڵنیاییەوە ئەگەر یەکێتی مل بەداخوازییەکانی پارتی بدات ، نەک درێغی لەخۆی و ڕێکخستنەکانی دەکات، بەڵکو درێغی لە بونیادی سیاسیی و فیکریی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، بەگشتی دەکات. گەلی کورد ئەو هەموو قوربانییەی بۆ ئەوە نەداوە ، کە سەرۆکایەتی هەرێم ببێ بە دیوەخانی میرنیشین و دەیان ساڵ خەباتی سیاسیی کورد بۆ دواوە بگەڕێتەوە، بۆ تێرکردنی حەزی سیاسیی و ئەفسووناویی چەند کەسێک، کە جگە لەئەجێندای تایبەتی خۆیان ، هیچ ئەجێندایەکی ئەم گەلە لەبەرچاوناگرن.

مەگەر گەلی کورد ، لە کوێی ئەم جەنجاڵی سیاسیی و چەرخی ڕۆژگارەدا وەستاوە، تازە تازە ، تاکە یەک نەفەر سەرۆکی دەریاو وشکایی و ئاسمان بێت، ئەی ڕۆڵی پارلەمانی بەستەزمان چیی دەبێ؟. ئەی ڕۆڵی دەنگدانی خەڵک چییە؟ .کام سەرۆک لەدنیادا هەیە، جێگری نەبێ ، کام دەسەڵاتداری دنیا ، جگە لەدیکتاتۆرەکان ، دەیەوێ ببێ بە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهای سەربازیی و یاسایی و ئابووریی . ئایا لەمە سووکایەتی زیاتر بەگەلی کورد و بە قوربانییەکانی ئەنفال و فەیلییەکان وبارزانییەکان...هتد، سووکایەتییەکی تر هەیە پێی بکرێ، ئەی ئەو هەموو قەڵەم فرۆش و ئەدیب و نووسەرو ڕاپۆرتنووسانەی کە سەری زمان و بنی زمانیان باسی کوردستانی گەورەو سەروەریی و دیموکراسیی و مافی مرۆڤە، بۆ ساتمەیەکی مام جەلال سەدچاو دەکەنەوە، کەچی بۆ ئەم هەڵوێستەی پارتی ، خۆیان مەڵاس داوەو کڕەیان لێوە نایات. یان زۆربەیان بە پارەو سامانی دزراوی خەڵکی کوردستان کڕدراون و لەزمان خراون. بۆچیی دەبێ قەدەری گەلی کورد وابێت ؟، چارەنووسی سیاسیی بۆ هەتاهەتایە لەدەست یەک خێزان ویەک عەشرەتدا بێت و نووسەرە ئەوروپانشینەکانیشمان وتار لەسەر وتار بەباڵایاندا ببڕن!.

گەلی کورد سەرکردەیەکی پێویستە، سەرۆکیکی دەوێ ، زۆر لەخۆبووردوو بێت، خاکیی بێت،دامەزراوە کولتووریی و خێڵەکییەکانی لە ناخدا نەچەقیبێ و بەرژەوەندیی سیاسیی گەلەکەی ، چارەنووسی هەستیاری ناوچەکەو عێراق بەوردیی هەست پێ بکات و بەرژەوەندیی سیاسیی حیزبەکەی بخاتە لاوە، کوردستان بەگشتی و کەرکوک بەتایبەتی ، سەرۆکێکی دەوێ ، کە موزایەدە نەکات ، لەسەر کەرکوک ، دوێنێ دۆستی تورکیا و باوەکوشتەی پەکەکە بووبێت و دۆستی دوژمنانی کورد و خەونی نەتەوەی کورد بووبێت ، ئەمڕۆش موزایەدە بەسەر گۆڕەبەکۆمەڵەکان و لافاوی خوێنی قوربانییەکاندا بکات. دوێنی سوپای ئێران و بەعسیان دەهێنایە سەر نەیارەکانی خۆیان ، ئەمڕۆش خۆیان بە (هۆشیی منه) ی گەلی کورد بناسێنن .

ئەم کێشەو ئاڵۆزییانەی نێوان یەکێتی و پارتی ، بێ متمانەیی زیاتر و خەمساردیی زیاتر لەناو ڕیزی بەرینی جەماوەری گەلی کوردستاندا دەڕسکێنێ ، هەموو شەڕەکەش سەرئەنجام هەر دێتەوە سەر دەسەڵات و پارەو پۆست، شەڕی ئەم دووحیزبەش لەسەر دەسەڵاتەکان و چواچێوەکانی سەرۆکی

هەرێم جگەلە شەڕی دەسەڵات و پارەو پۆست ، زیاتر شتێکی تر نییە . لێرەدا باشترین و گونجاوترین میکانیزمی سیاسیی بۆ بردنە پێشەوەی جیاوازییەکانیان گەڕانەوەیە بۆ ڕای جەماوەری کوردستان ، ئەگەر یەکێتیی خۆی بەهێزێکی جەماوەریی دەخوێنێتەوەو بە مۆدێرنانە و زمانی دایەلۆگ دەیەوێ کێشەکانی لەگەڵ پارتیدا چارەسەر بکات، با ڕایبگەیەنێت کە هەردوولا پرۆژەی خۆیان بخەنە بەردەستی خەڵکەوە و دەنگی لەسەر بدەن لەڕیفراندۆمێکی سەرتاسەریدا... بەم کارە ،لەلایەکەوە خەڵک، پراکتیکی کارێکی سیاسیی و مۆدێرن و هاوچەرخ دەکات، لەلایەکی تریشەوە خەڵک هاندەدرێت ،کە کاری جەماوەریی و گوشاریی جەماوەریی بخەنە سەر دەسەڵاتداران و کێشەکانیش بە شێوازێکی گونجاو دەبڕێنرێنەوە.

هەردوو حیزبی سەرەکیی کوردستان، یەکێتیی و پارتی ، ئەرکێکی مێژوویی گەورەیان لەئەستۆدایە ، ئەم هەلومەرجە دژوارە تێپەڕێنن و نەرمی بنوێنن لە ئاست یەکترداو بەیەکڕیزیی و تەبایی و پێکەوەبوون ، بیر لەگەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەن، بەیەک دەست و یەک دەنگ ، دژایەتی تێرۆریزمی ئیسلامیی بکەن و ئاسایش و گوزەرانی خەڵک بپارێزن . هەردوولا دەبێت خۆیان فێری ئەو مومارەسە دیموکراتییە بکەن ، کە پارلەمان نابێ چیتر لە حیزبەوە برووسکەی بۆ بکرێ، دەبێ فێری ئەوەبن ، هەزاران پسپۆر و شارەزاو یاساناس و کەسانی تێکۆشەر لەدەرەوەی ئەوان هەن و لەوانیش باشتر بیردەکەنەوە، نابێ هەڵاوێردرێن، دەبێ فێری ئەوە بن کە تاسەر ناکرێت ،ڕاستییەکان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بشاردرێتەوە،کاتی ئەوەش هاتووە بەهەموو لایەکمان جەماوەری بەرینی کوردستان فێری ئەوە بکەین ، کە ئەوە تەنها جەماوەری گەلی کوردستانە دەتوانێ ، پێش بە حیزبەکان بگرن و نەهێڵن چیتر بازرگانیی بە مەسەلەی سیاسیی گەلی کوردەوە بکەن .